حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ١٢١٢٨ / ك
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی

(ISO 9001:2015)

العدد:
التأريخ: ٢٠٢٤/٥/٩

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**پێدانی مۆڵەتی شوفێری بە خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵا و نابیستان**

ئاماژە بە نووسراومان ژمارە ٦/١٠٥٨٣ لە ٢٠٢٣/٤/٢٦ و هەردوو نووسراوی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (N٢٣-٣٢٧ لە ٢٠٢٣/٢/٢٣ ) و (٥١٥٧ لە ٢٠٢٣/٧/٢٣) و نووسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٧٠١٩ لە ٢٠٢٣/٧/٢٧) و نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ ژمارە ٩٨٠٩ لە ٢٠٢٣/٦/٤ و دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٢) هەموارکراو بە ڕێنماییمان ژمارە (١ی ساڵی ٢٠٢٣).

**بڕیارماندا بە دەرچوواندنی هەمواری دووەمی ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ماددەی (١):**

زیادکردنی دوو ماددە لەژێر ژمارە (سیانزدەیەم و چواردەیەم) لە ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٢) هەموارکراو وماددەی (سیانزەیەم)ی ڕێنماییەکە دەبێتە ماددەی (پازدەیەم) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی سیانزدەیەم:**

**یەکەم: پێدانی مۆڵەتی شوفێری بە نابیستان :**

تەنیا مۆڵەتی شوفێری جۆری تایبەت ساڵۆن B بە نابیستان دەدرێت کە لە برگەی دووەم/١ لە ماددەی (چوارەم)ی ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٢) هەموارکراو هاتووە.

**دووەم: پێدانی مۆڵەتی شوفێری بە خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا:**

پێدانی جۆری مۆڵەتی شوفێری کە لە ماددەی چوارەمی ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٢) هەموارکراو هاتووە دیاری دەکرێت بەپێی بڕیاری لیژنەیەکی تایبەت کە بەپێی ئەم ڕێنماییە پێک دەهێندرێت.

**سێیەم:** دەبێت داواکار (خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا و نابیست) بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شوفێری خولی ڕاهێنانی پراکتیکی و تیۆری ببینێت لە یەکێک لە نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری مۆڵەتدراو بەرەچاوکردنی دابینکردنی (مامۆستای ئاماژەکان) بۆ نابیستان.

**چوارەم:** نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری ئۆتۆمبیلی کە ڕاهێنانی پراکتیکی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵا و نابیست دەکەن پێویستە ئۆتۆمبیل بۆ ئەم مەبەستە دابین بکات.

**پێنجەم:**

پێویستە ئەم مەرج و ڕێککارانەی خوارەوە بۆ پێدانی مۆڵەتی برگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە سەرەڕای ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٢٢) هەموارکراو هاتووە :١- چاپکردنی نیشانە یان ئاماژەیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا و نابیستان لەسەر دیوی پشتەوەی مۆڵەتی شوفێرییەکە.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیڵ: info@moi.gov.krd
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ژ.تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd
24/ 04/ 2024
( burhan )

٢- بە بەپێی باری خاوەن پێداویستی تایبەت و نابیست و کورتەباڵا، زیادەگۆڕانکاری بکرێت (تحويرات) یان شوێنی دانانی ئەندامانی دەستکردی جەستە لە ئۆتۆمبیل کە ئەم زیادەگۆڕانکارییانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند دیاری دەکرێت و لە پشکنینی pvi دەربچێت.

٣- ئەگەر داواکار تەنیا لە تاقیکردنەوەی ئۆتۆمبیل لە جۆری (گێر ئۆتۆماتیک) دەرچوو ئەوا ئەو نیشانەیەی کە لە جیهان کاری پێدەکرێت لەسەر مۆڵەتەکەی چاپ دەکرێت کە (نابێت ئۆتۆمبیلی جۆری (گێر ئاسایی) لە ڕێگاکان لێبخوڕێت).

٤. باجێکی تایبەت بە خاوەن پێداویستی دروست دەکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند کە گشت زانیارییەکانی خاوەن پێداویستی تێدا دەنوسرێت بە وێنەیەکی کەسی و بەبێ‌بەرامبەر.

٥- چەسپاندنی هەستەوەر (حساس) لە پێش و پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکە و بەستنەوەی بە داشبولی ئۆتۆمبیلەکە لە پێش شوفێرەکە لەکاتی زۆر نزیکبوونەوەی ئۆتۆمبیلی دەوروبەری بەگڵۆپێک ئاگادار بکرێتەوە بۆ نابیستان.

٥- هاووڵاتی خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵا و نابیستانی نەخوێندەوار دەبێت خولێکی خوێندنیان بۆ بکرێتەوە لە قوتابخانە تایبەتمەندەکان.

**شەشەم:**

دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوەی پراکتیکی و تیۆری لە گۆڕەپانەکان و هۆڵەکانی تاقیکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**چوارەم:**

چەسپاندنی لۆگۆیەکی تایبەت بە (خاوەن پێداویستی تایبەت یان نابیستان یان کورتەباڵا) لە جامی پێشەوە و پشتەوەی ئۆتۆمبیل بە پێی ستاندەرد بۆ ئەوەی شوفێری ئۆتۆمبیلەکانی دیکە لە شەقامەکان ئاگاداربن.

**ماددەی چواردەیەم:**

پێویستە خاوەن پێداویستی تایبەت ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی هەبێت لەسەر ناوی خۆی تۆمارکراو بێت و شیاو بێت بۆ جۆری پێداویستی تایبەتەکەی بە پێی ڕاپۆرتی پشکنینی مەرجەکانی سەلامەتی بۆ ئەم جورە ئۆتۆمبێلانە.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد

**وەزیــری ناوخــو**

<u>وێنەیەک بۆ :</u>

- نوسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی داد / ڕوژنامەی وەقائعی کوردستان/ بو بلاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە ، لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی تەندروستی/ بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی/ بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- گشت وەزارەت و فەرمانگەکانی نەبەستراو بەوەزارەت( ) / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکان / بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێزان ڕاوێژکاران ( )/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا..
- فەرمانگەی یاسایی
- ب.ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان / بۆ کاری پێویست..
- ب.مۆڵەت پێدان و کۆمپانیا ئەمنیەکان
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.



ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق العنوان: إقليم كوردستان-العراق Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd ژ.تەلەفون:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢ www.moi.gov.krd
( burhan ) 24/ 04/ 2024